# گۆشەنیگای

# زمانەوانی دەماریدا

پ.ی.د. دەریا جەمال حەوێزی

**زمانەوانی دەماری : یەکێک لەزانستە هاوچەرخەکانی تایبەت** بەزمان بریتییە لەزمانەوانی دەماری " پرۆگرامی زمانەوانی دەماری کەبەئینگلیزی Neuro Linguistic Programming ی پێدەگوترێت و بەکورتی NLP یە، بریتییە لەڕێڕەوێکی ڕێکخراو بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکان، بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێگەو هۆکاری بەسوود بۆ ئەوەی کاری لەگەڵدا بکرێت و ببێتە هۆی گەیشتن بەکاریگەرییەکی گونجاو لەهەست، هزر، ئەوانەش ڕەنگبدەنەوە لەڕەفتاری مرۆڤ لەلایەنی ئەقڵی و دەروونی و جەستەییدا" www.mawdoo3.com

سەبارەت بەسەرەتای دەرکەوتنی پڕۆگرامەکەش دەگوترێت، ((

یەکەم کەس کەوا شێوازی پڕۆگرامی زمانەوانی دەماری دەرخست، ریتشارد باندلەرو جۆن گریندەر بوون لەساڵی 1973ز، وەک کۆمەڵێک نموونەو بنەما بۆ دەرخستنی پەیوەندی لەنێوان ئەقڵ و زمان، ـ جا زمانی نووسراو یان زمانی جەستەیی بێت ــ ، و چۆن پەیوەندی نێوانیان ڕێکدەخرێت بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر مێشکی مرۆڤ و جەستەو بیرکردنەوەی. زۆرجار لەزمانی عەرەبیدا بە (الهندسة النفسية ـ ئەندازیاری دەروونی) ناودەبرێت

www.httpnfma3rifa.blogspot.com

## پرۆگرامكردنی لاوان لە ڕێگەی زمانەوانی دەماری لە نموونەی شیعری ـ مەلای گەورە ـ دا

زمانەوانی دەماری لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە کار لەڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاکەکان دەکات، ئەم کارلێکردنە بەپرۆگرامکردن ناودەبرێت، پرۆگرامکردن سەرەتایەکی مێژوویی زۆر کۆنی هەیە، بۆ نموونە (( ناردنی پێغەمبەران بۆ نێو ئومەتەکەیان هەر خۆی لەخۆیدا بۆ مەبەستی چاککردنی عەقڵیەتی خەڵک و ڕزگارکردنیان لەنەفامی و ڕاستکردنەوەی بیری هەڵەو چەوت بووە، ئەمە هەر خۆی لە NLP دا دەبینێتەوە. نموونەو بەڵگە زۆرن لەسەر شێوازی بانگێشتکردنی خەڵکی بۆ لای خودای گەورەو یەکتاپەرستی، کە لەقورئانی پیرۆزدا لەچەندین شوێن و ئایەتدا خودای گەورە بۆمان باس دەکات))(حەمید، 2016 : 14).

چونکە زمانەوانی دەماری ڕاستەوخۆ بەندە بەعەقڵی مرۆڤەوە، بۆیە دەتوانێت لەڕێگەی زمانەوە کار لەمێشکی کەسی بەرامبەر بکات، واتە کەسی دووەم بەبیروڕاو بۆچوونەکانی کەسی یەکەم پڕۆگرام دەکرێت.

ئەمە خاڵی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان پێکدەهێنێت، کەوا دەتوانین بەچەند خاڵێک ڕیزبەندیان بکەین:

**هەوڵدان بۆ سەرکەوتن:** پێویستە مرۆڤ هەردەم بەدوای سەرکەوتندا بگەڕێت.

گەشبینی مەرجێکە لەمەرجەکانی گەیشتن بەسەرکەوتن، ((گەشبینی و ڕەشبینی ڕۆڵی گەورەیان هەیە لەژیانی مرۆڤدا، کەوا دوو زاراوەی دژیەکن، یەکێکیان خاوەنەکەی دەگەیەنێتە سەرکەوتن، ئەوەی تریان خاوەنەکەی دەخاتە قوڵایی ژێرکەوتن، گەشبینی ، بریتییە لەتێروانین بۆ داهاتوو، وا دەکات مرۆڤ چاوەڕێی باشتر بکات، چاوەڕێی خێرو خۆشی و سەرکەوتن بکات و هەموو شتێکی دوور لەمانە لەخۆی دووربخاتەوە، بەڵام ڕەشبینی، بریتییە لەلێکدانەوەی نەرێنی بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو، وا دەکات هەردەم مرۆڤ چاوەڕێی خراپە بکات، هەردەم چاوەڕێی دۆڕان و بێئومێدییە، گەشبین کەسێکە پێیوایە دوور نییە بەیانی باشتر بێت، بەڵام ڕەشبین کەسێکە هەرگیز چاوەڕێی باش ناکات ))عبدالحمید، http

ئەو شاعیرە ڕۆشنبیرەی کوردیش، لەچەند دەقێکی شیعریدا، بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ ئامۆژگاری تاکەکانی کۆمەڵ دەکات کە لەژیانیاندا هەوڵی سەرکەوتن بدەن، گەشبینە کە خوێندن و خوێندەواری دەیانگەیەنێتە مەبەست، ئەوەتا دەڵێ :

خاصە ئەو باوەکانی مەکتەبی کۆ
دەبنە پشت و پەناهی میللەتی خۆ
ئێوە ئەولادو جەرگ و ناوی منن
ئێوە نوری گلێنە چاوی منن
عمری خۆتان مەبەن بە خۆرایی
تێ بکۆشن بە عیلم و ئازایی

مەلای گەورە: ل 33

لێرەدا جۆرێک لە پرۆگرامکردن لەڕێی زمانەوە دەبینرێت.

- سەرەڕای گشت ئەو نەهامەتییانەی دێنە سەر ڕێگەی مرۆڤ، بەڵام ژیان بەهیواو ئومێدەوەو جوانە، ((دیوانی (تاریک و ڕوون) ی هێمن پڕاوپڕە لەغەم و لەهەنگاوتن و خەزان، کەچی لەبەرانبەردا پڕە لەئومێد، لەناویاندا ئەم دێرە لوتکەی هەڵسانەوەیە بەرەو سەرکەوتن:
- وتم کەوابوو ئاشنا بەشی ئێمە لەناوچوونە
- وتی نا نا دوور بڕوانە، دوور بڕوانە ئاسۆ ڕوونە))

(عەبدولقادر، 2015: 8)

- زمانەوانی دەماری پێیوایە (( هەرکات گەشبین بیت بەهەر شتێک ئەوەت دەستگیر دەبێت، ئەمەش لەیاساکانی چالاکی ئەقڵی ناوەکییە، دەڵێت، بیر لەهەر شتێک بکەیتەوە تەشەنە دەکات و فراوانی بەو جۆرە وەردەگرێت، گەر بیر لەگەشبینی بکەیتەوە خۆی بەرەو لای تۆ کێش دەکات بەو جۆرەی تۆ بیرت لێکردۆتەوە....)). (تەنیا، 2016 : 41)

- ئەدەقێکی تریدا دیسان نموونەی ئەو هیواو ئومێدە دەبینین کە دەڵێ:

بۆخۆتان سەعی بکەن نانێک و بێتە دەستی
ئینسانی مەعدە خاڵی ناو زگی ڕاناوەستی

مەلای گەورە ل. 59

ئەم ئومێدخشین و هاندانی لاوان بۆ ئەوەی هیوا ببەخشن دیسان پڕۆگرامکردن ە.

دیسان لە دەقێکی تردا داوا دەکات لە ڕێگەی زانست و زانیارییەوە هەوڵبدەین بە ئامانجەکانمان بگەین، ئەمەش جۆرێکە لە ئامۆژگاری بۆ هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک بۆیە بە پرۆگرامکردن لەڕێگەی زمان ئەژماردەکرێت:

عیلم و عەمەل خۆیەتی جەهل و تەنبەلی مەرگە
پۆست و زەرگان فڕێ دەن وەعدی تۆپ و تفەنگە

مەلای گەورە : ل . 57

## بڕیاردانی دروست بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن :

سەرکەوتن بریتییە لەگەیشتن بەپلەو پایەیەک کە خود وەک ئامانجێک هەوڵی بۆ دەدات، کەسێک بیەوێت سەرکەوتن لەکارێکدا بەدەستبهێنێت دەبێ لەبڕیاردانذا چوست و چالاک بێت، چونکە ئەگەر تۆ بڕیارێکی گونجاو لەکاتێکی گونجاودا نەدەیت دوورنییە کەسێکی تر لەشوێنی تۆ ئەو بڕیارە بدات، بەشێوەیەکی ڕوونتر، ((لەزانستی پرۆگرامی زمانەوانی دەماریدا گریمانەیەکی زۆر گرنگ هەیە دەڵێ، ئەگەر کەسێکی دیاریکراو نەیتوانی شتێکی دیاریکراو بەدەستبهێنێت، ئەوا کەسێکی تر دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، کاتێک دەزانێت چۆن بەدەستی بهێنێت)). (الفقي ، 2008 : 9) ئەم بۆچوونەش لە شیعری ئەو شاعیرە گەورەیەدا دەبینرێت.

- وڵاتێکتان هەیە پڕ کان و مەعدەن
- بە بێڵ و پێمەڕە دوو قۆرتی لێدەن
- دەزانن ناوی ئەرزی چی تیایە
- ولی مەرقومی ئەمری کیمیایە
- هەتا ئەو عیلمە زۆر چاکی نەخوێنن
- دەبی هەر پاقلەو سلْقان بچێنن
- مەلای نادان بە عینوانی شەریعەت
- حەرامی کرد لە تۆ عیلمی طەبیعەت
- لەبۆیە هەرچی لەو خاکە بەدەرکەوت
- لە ڕادیۆم و لە زێڕو پاقرو نەوت

- هەمووی کەوتونە ژێر دەستی فەڕەنگان
- چیاو چۆڵان دەنۆڕن وەک پڵنگان
- بیان نۆڕن چیایان جۆن ئەکۆڵن
- هەتاکەی ئێوە هەر بەرماڵ لە کۆڵن
- خوریو مازو کەتیرەو جەوت و گەلوان
- وەکو سیچکەو گلیخەو ڕۆن و قەزوان
- دەخیلو بم نەکەن بیدەن لە دەست خۆ
- وە ئیللا وا بزانن ڕوحو دەرچوو
- هەتاکو نەبنە خاوەنی صەنایع
- هەموو ئەنعامی خوای دەڕوا بە ضایع
- مەلای گەورە ل. 18

- هەرکاتێک تۆ لەکاتێکی گونجاودا توانیت بڕیار لەسەر ئەنجامدانی کارێک بدەیت ئەوا پلەیەکی لەسەرکەوتن نزیک دەبیتەوە، هەرووەکو (د. ئیبراهیم الفقي) کە بەڕابەرو دامەزرێنەری پرۆگرامی زمانەوانی دەماری دادەنرێت، لەمبارەیەوە دەڵێ:" هەر کە مرۆڤ پەی بەوە برد شتێکی نائاسایی هەیە دەبێت بیگۆڕێت چیتر ئازارەکانی دەگۆڕێت بۆ هێزو تواناکان، وەک ئەوەی کەسێک دەڵێت، من لەمڕۆ بەدواوە ناتوانم بەوجۆرە بژیم، هەر دەبێت بیگۆڕم، بۆیە بڕیار ئەدات بەرەو باشتر بچێت، گەر کەسێک هەبێت بتوانێت هەر شتێک بکات، ئەی من بۆ نەتوانم بیکەم..."(تەنیا، 2016 : 29)، مەلای گەورش هانمان دەدات کەوا کات بەفیڕۆ نەدەین و تا گەنجین هەوڵبدەین سەرکەوتن بەدەستبهێنین.

- هەرووەکو لەشیعری (بۆ ئاگاداری و هۆشیاری لاوان) دا دەڵێ :
- هەستە پێشکەوە ئەی لاوی کوردی
- ئاگات لەخۆت بێ کاروان ڕابردی
- بە نووری عیلم ڕێگا بە دەرخە
- بە زۆری باسک کارێ بەسەرخە
- مثالی عیلم بفڕە وەک طیران
- بەهێزی عیلم هەڕۆ بن بەحران
- عیلمی طەبیعەت عیلمی خودایە
- قالەو قوولە گشتی هەبایە مەلای گەورە : 34
- دەتوانین نموونەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە لەقورئانی پیرۆزیشدا بدۆزینەوە، هەرووەکو خودای پەروەدەگار دەفەرمووێت:{إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ }سورەتی الرعد11.

- **بڕوابەخۆبوون:** کەسێک بیەوێت بەئامانجێکی دیاریکراو بگات پێویستە بڕوای بەخۆی هەبێت، چونکە ((خاڵێکی تری سەرکەوتن بریتییە لەهێزی ئیرادە، کەسەکە تواناو هێزێکی زۆری هەیە بۆ زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و تەگەرەکان و ماندوو نابێت، چونکە وشەکانی، نابێت یان ناتوانم یان ناکرێت.. لەژیانیدا بوونی نییە، ئیرادە هێزێکی ئەفسوناوی وا دەبەخشێت بەمرۆڤ، کەپەڕجوو ئاسا بتوانێت هەموو شتێک بکات، بۆیە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی کەسەکان بەندە بەو هێزی ئیرادەیەی کە هەیانە)) (حەمید، 2016 : 85). ـ مەلای گەورە ـ ش لەدەقێکی شیعریدا هانی لاوانی کورد دەدات کەوا هەردەم لەهەوڵ و تێکۆشاندا بن.

- ئەبێ میللەت هەموو یەک بن لەگەڵ یەک
- لە ئەربابی قەلەم تا خاوەنی چەک
- ئەگەر کوردێک ئیهانەت کەن لە بصرە
- هەموو بێنە خرۆش و جۆش و نەعرە
- هەتا حەقی نەبینن ڕانەوەستن
- لەبەر بێ ئیتیفاقی خوارو پەستن
- مەلای گەورە 15

میللەت ئەگەر فەقیر بێت ئاخر دەبێتە ئەسیر
گووێ لەقسەی من ڕاگر ئەی مەردی ڕەوشەن ضەمیر
خاکو هەموو مەعدەنە مەعدەنی زێڕو زیوی
پڕ لە لەعل و یاقووتە ناو شاخ و داخ و کێوی
ئەمما ئێوە نازانن لەبەر گێژی و دەبەنگی
ئەم زمڕووت و یاقووتە چلۆنتان دێتە چنگی
مەلای گەورە ل59.

## دەرکەوتن بە ئاکاری جوان :

خاڵێک لەخاڵەکانی سەرکەوتن، بریتییە لەپەیبردن بەتواناو هێزە شاراوەکانی خۆت، ئەگەر پەی بەتواناکانی خۆت نەبەیت هیچی لێ نەزانیت ئەوا ناتوانیت بەکاریانبهێنیت و سوودیان لێوەربگریت، بۆ ئەوەی بگەیت بەئامانج" توانا حەشاردراوەکانی ناخی خۆت ڕاچڵەکێنە. خوای گەورە لەسەر جوانترین شێوە دروستی کردویت، بزانە هێزە بێسنوورەکەت لەڕۆشنگەری گشتی و تایبەتیدا زۆر بەرفراوانە. وتمان پەروەردگار مرۆڤی لەسەر جوانترین شێوە ئەفراندووە"(تەنیا ، 2016 : 112، 113)، هەروەکو دەفەرموویت،{لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ}(سورەتی التين، ئایەتی 4)، واتە،"بەڕاستی ئێمە ئینسانمان لەجوانترین شێوەو ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووە لەهەموو ڕوویەکەوە"(محەمەد ئەمین ، 2004 : 597)، کەواتە ئەگەر مرۆڤ جوانترین و باشترینی بوونەوەرەکان بێت، بۆ بەجوانترین شێوە ئاکارو ڕەفتارەکانی پیشان نەدات؟!.

به ئەخلاقی چاک به دین و ئیمان

به ڕێک و پێکی وەکو برایان

لەگەڵ یەکتری وەک ڕوح و بەدەن

ئیمتزاج بکەن بۆ عیززەتی وەتەن

ئێوە بۆ وەتەن ئەولادی صلبی

خودا تۆفیقتان بدا یا ڕەبی

مەلای گەورە ل. 36

- به خۆرایی دەچی عمری عزیزتان
- به هاوین و بەهارو پایزو زستان
- مەچوونه خانەقاو چایخانان
- ئومێدم وایه ببنه خانی خانان
- ئەگەر خواهیش نەکەن خوا لێو بی ڕازی
- مەچونه تەکیەکان بۆ حوقەبازی
- قوماری قەت مەکەن ئێوەو خوداتان
- دەنا بەرباد ئەبی ماڵ و منداڵتان

لای گەوره ل. 28

- **کارکردن و ڕەنجدان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ :**
- ژیان بەکارکردنەوە جوانە، هەموو یاساو ڕێسا ئاسمانی و مرۆییەکان بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە هەموو کەس کاربکات تا بەرهەمی کارەکەی خۆی دەستبکەوێت، هەروەکو " خوای گەورە هانمان ئەدات بۆ کارکردن" (تەنیا ، 2016 ، 65- 66)، هەروەکو لەقورئانی پیرۆزدا سەبارەت بەو بابەتە دەفەرموویت، { وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ } (سورەتی التوبة، ئایەتی 105)

هەروەها لەو شیعرەی خوارەوەدا داوا دەکات کە لاوان هەردەم هەموو هیواو ئاواتیان خزمەتکردنی میللەتەکەی خۆیان بێت، هەروەکو دەڵێ :

ببنە پۆلیس و عەسکەر بۆ خزمەتی مەفتەنی

سەعی و غیرەت بۆ وەطەن وەک روحە بۆ بەدەنی

دەماغی منداڵەکان پڕکەن لە حبی وەطەن

تەربیەتیان باش بدەن میللەتییان فێربکەن

مەلای گەورە ل. 58

- هەروەکو لە دەقێکی شیعریدا دەڵێ:

- ئەوی بە دڵ و گیان خزمەتی مەفتەنی نەکا
- لەسەر جێگەو ڕێگەی خۆی دوژمنی دەری دەکا
- مەلای گەورە ل.39

- ڕەخنە لەخۆگرتن و چاوپۆشی کردن لە هەڵەی کەسانی تر :

- خاڵێکی تر، یان بنەمایەکی تر لەبنەماکانی پڕۆگرامکردن ی لاوان لەشیعری دڵداردا بریتییە لەڕەخنەگرتن لەخود، ئەو کەسەی دەیەوێت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، پێویستە بەدوای هەڵەی خەڵکەوە نەبێت، بەڵکو هەڵەکانی خۆی ببینێت و هەوڵی چارەسەرکردن و بنبڕکردنیان بدات،"کاتێک کەوا هەموو سەرنجی خۆت دەخەیتە سەر ئەوەی کەوا گلەیی لەخەڵکانی تر بکەیت، ئەوا تۆ هێزو توانای خۆت بەهەدەر دەدەیت و کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت. لەبڕی ئەوە هەوڵبدە هێزو توانای خۆت لەباشترکردنی شێوازی ژیانی خۆت بەفیڕۆ بدەی"(الفقي، 2001 : 8، 9) ، بەپێی لێکدانەوە فەلسەفییەکانیش پێویستە بۆ گۆڕینی واقیع لەگۆڕینی خۆمانەوە دەستپێبکەین، هەروەکو دەگوترێت : "گەر تۆ دەتەوێ واقیع بگۆڕیت بیرکردنەوەی (تۆ) بگۆڕە"(تەنیا، 2016 : 113)، چونکە لەهەڵەکانی خۆتەوە زیاتر فێر دەبیت.

- هەروەکو دیسان ڕووی ئامۆژگاری دەکاتە لاوانی کوردو پێیان دەڵێ:

بەخوا زۆر حەیفە حەیف و موخابین

میللەتی کوردان هەتا کەی وابین

جەهلەت بڕوا دەوری عیرفانە

کۆنە با بڕوا نۆرەی کوڕانە

ئەی لاوی کوردی نوری دوو چاوم

قووەتی دڵم جەرگ و هەناوم

باوانی بابم نەوخاوان مەکتەب

بە عقل و عیرفان بە عیلم و ئەدەب

وەلێ چونکی لەگەڵ یەک ناتەبانە

لە بەینیاندایینە هیچ عەهدو پەیوەند

لە بەینی میللەتان سووک و ڕەزیلْن

ئەگەرچی نایەتە ژێر حەدو ژێر عد

خودایە ترحم بکەی بە کوردان

بە لوطفی خۆت و بۆ خاطری محمد

مەلای گەورە ل. 67

- بە ڕیشی گرژو پرچی پڕ لە ئەسپێ
- بناغەی ئیشی کوردان چۆن ئەچەسپێ
- بە کەشکۆڵ و سواڵ و فەقرو ذلەت
- محالە کاکی خۆم تەشکیلی دەوڵەت
- مەلای گەورە:13
- 

- هەروەکو لە دەقێکدا دەڵێ :
- تا ئێوە لە حەقی یەک خراپن
- بەد خواهـو حەسوودو ناتەبان
- تا ئێوە لە حەقی یەک بە کەیدن
- هەر ژێر چەپەرۆکی عمرو زیدن

مەلای گەورە : 55- 56

## ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەچەند ئەنجامێک گەیشتین کە گرنگترینیان ئەمانەن،

- زمانەوانی دەماری وەک زانستێکی تایبەت بە زمان تازە دەرکەوتووە، و لەبەرئەوەی زمان پەیوەندییەکی پتەوو قوڵی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، دەکرێت زمانەوانی دەماری لە ئەدەبدا ڕەنگبداتەوە.
- کەسی قسەکەر دەتوانرێت لەڕێگەی زمانەوانی دەمارییەوە کاریگەری بخاتە سەر کەسی گوێگرو پرۆگرامکردنی کەسی دووەم لەلایەن کەسی یەکەمەوە بێتە کایەوە.
- مەلای گەورە. لەشیعرەکانیدا لەڕێگەی زمانەوانی دەمارییەوە هەوڵیداوە لاوانی کورد هانبدات هەوڵی سەرکەوتن بدەن، هەروەها ئامۆژگاری کردوون گەشبین بن تا سەرکەوتن بەدەستبهێنن.
- شاعیر ڕووی ئامۆژگاری لەلاوان دەکات و داوایان لێدەکات سوود لەهەڵەکانی خۆیان وەربگرن.
- ئەو شاعیرە کوردە هەردەم لەهەوڵی ئەوەدا بووە لاوانی کورد وا پرۆگرام بکرێن کەسوود بەخۆیان و بەوڵات بگەیەنن، هەر بەمهۆیەوە داوا لەلاوان دەکات کەوا لەڕەنج و هەوڵدان دابن و کات بەفیڕۆ نەبەن.